www.kurdistannet.org
30-1-2006 20:18 بەكاتی ناوەندی ئەورووپا

# تیرۆر ... قادر ئەسعەد

هەر كەهاتن
لەگەڵ بەدوو بەرێكەوتن
نەیانزانی پاش برینی سەدەها میل
بەكوێ دەگەن
ئەوان هاتن تۆزوو خۆڵی بیابان و
سیمای شومی مەرگی خۆیان
رق و بوغزی رەشی خۆیان
لەم خاكەدا مارەبڕ كەن
هاتن. . هاتن
ئەنفلەوەنزای بەدوو بوون
ویستیان حەمرین بخنكێنن
چاوی گەرمیان هەڵبكۆڵن
بابەگوڕگوڕ بخۆنەوە
دەمی كانی وشك بكەن
سێدارەبۆ گەردەنی شاخ هەڵبهێخن
ئاسمان بكەن بەدەواری
پیاوانی ئەهلی عكاز
لەش و لاری ئافرەتانمان
هەراج بكەن
هاتن
ئەوان لەگەڵ تاقگەی خوێنا
لەدایك بوون
لەگیرفانی عتا رێكی قاچاخچیا
لەژوورەتاریكەكانی پیاوانی زۆڵ
هەر بەدەمی گاگۆڵەوە
فێرەئەلف و بێی تیرۆر بوون
بۆیەچاویان بەڕووناكی قەت هەڵنایێ
هاتن. . هاتن
زەقنەبووت بوون زۆر ئێفلیج بوون
هاتن گەرای ڕشانەوەو قاتووقڕی
لەكۆڵانی ماڵەكانماندا بڕوێنن
لەرێگادا
وەك شمشێری هۆلاكۆ بوون
رمی دەستی حجاج بوون
مەرامیان بوو
حەلالی خوێن ترس و تۆقان

لەم خاکامدا بهێڵنەوە
بەسەر جەستەی منالێکی کوردستانم
بخولێنەوە
هاتن ئەوان
دز بوون جەردەبوون
سەرسەری بوون، کاوەلی بوون
ویستیان باڵای
حەیرانێك و قەتارێکم
لەسەر تەلی ڕەبابەێك لەخاچ بدەن
تارایی بووکی یەك شەوەمان ڕەش پۆش بکەن
زاوایێکم لەم شەوەدا شەهید بکەن
ئەوان ویستیان لەدرزی تاریکی شەوا
وەکو پیشەی پیاوانی دز
مانگەشەوێ ئاوا بکەن
زمانی گوڵ بیری ئازاد
زیندەچاڵ کەن
نەتەوەیەك لەسەرنەخشەی
ئەم دونیایەبسڕنەوە
هاتن
بێ ئاگا بوون
خەونەکانیان لەسەڕابی عەر عەر دەچوو
نەیانزانی شاخ و دەشتم
کانی و ڕوبار
دارو دەوەن شەقام و شار
ژن و پیاوم
خاك و ئاسمان
هەمووی ئێستا پێشمەرگەنەو
چقڵی چاون بۆ دووژمنان
. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

ستۆکهۆڵم
info@kader-asaad. com

ئەم هۆنراوەیەپێشکەشەبەیادی کارەساتی یەکی شوباتی شاری هەولێر
. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .
. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .
. . . . . . . . . .
تێبینی هەندێك پیت یان ووشەدەبوایەبەزمانی عەرەبی بنوسرا بان بەڵام فۆنتەکەم نەبوو ببوورن.